# حەشدی شەعبی بەر لەهەڵبژاردن کاری خۆیان کرد

16-09-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

یاسین تەها|

پاش مشتومڕێکی زۆر، سەرەنجام عەلی عەبدولئەمیر عەلاوی وەزیری دارایی کابینەکەی کازمی، ڕەزامەندی دا لەسەر گواستنەوەی 42 ملیار و 489 ملیۆن دینار لە بودجەی حەشد بەمەبەستی گێڕانەوەی 30 هەزار چەکداری دابڕاوی حەشدی شەعبی بۆ ئەو دامەزراوەیە کە پێیان دەوترێت "المفسوخة عقودهم". دۆسییەی ئەم چەکدارانە کە بەهۆکاری جیاواز لەنێوان ساڵانی 2015 _ 2018 دابڕاون یان لە شەڕەکانی دژی داعش هەڵهاتوون، ماوەیەکی زۆرە بووەتە کارتێکی گوشار. گفتی گێڕانەوەشیان بۆ کاری پێشوویان بەر لە 2020 و لە سەردەمی ئەبومەهدی موهەندیسی جێگری پێشووی سەرۆکی حەشدەوە وەك مژدە بە جەماوەری گروپە شیعەکان دەدرێت، کەچی جێبەجێکردنەکەی بۆ 27 ڕۆژ بەر لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی 10 تشرینی یەکەمی 2021 دواکەوت.

لە ڕواڵەتدا گێڕانەوەی ئەم 30 هەزار چەکدارە پرۆسەیەکی کارگێڕی و داراییە و، فەرمانەکەش لە وەزیری داراییەوە دەرچووە و سەرۆکایەتی حەشدیش بەدواداچوونی یاسایی بۆ کردووە، بەڵام هەنگاوەکە لەناواخندا هەڵگری کۆمەڵێك پەیام و پێشهاتیشە کە هەندێکیان ئەمنی و ئەوانیتریان سیاسی و ستراتیژین. لە گفتوگۆ گەرمەکانی بودجەی 2021 دا لەلایەنە شیعەکانەوە هەوڵی زۆردرا لەناو دەقی یاساکەدا گێڕانەوەی ئەو چەکدارانە بکرێتە بڕگەیەکی یاسایی، بەڵام لەبەر لێکەوتەی سیاسی و ترس لە کاردانەوەی دەرەکی بەتایبەت ئەمەریکی، پەرلەمانتارە شیعەکان ئەمەیان بۆ نەچووە سەر و ئەوەش بەسەرکەوتنی بەرەی نەیاری فراوانکردنی حەشد لێکدرایەوە. ئێستاش کە لە دەرەوەی پەرلەمان گوشارەکانی حەشد بودجەیان بە حکومەت دابینکردووە، تەنیا گورزێك نابێت بۆ ئەوانەی کە کاتی خۆی ڕێگرییان لێ دەکرد، بەڵکوو بووەتە ڕەخنە لەسەر نوێنەران و بەرپرسە پەرلەمانییەکانی شیعەکان و لە ناوەندە پەرگیرەکانی شیعە تانەی ئەوەیان لێ دەدرێت. ئەوەی ئەوان لەناو پەرلەمان نەیانتوانی بیکەن، ئەبو فەدەك (سوپا سالاری حەشد) و گروپە چەکدارەکانیتر لەدەرەوەی پەرلەمان کردیان و دەسکەوت و چاکەی گێڕانەوەی حەشدە دابڕاوەکانیش هی پەرلەمانتارەکانی شیعە نییە.

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان، لەپاش گەڕانەوەی ئەو 30 هەزار چەکدارە، میلاکی حەشدی شەعبی هەڵکشاوە بۆ سەرووی 190 هەزار و 200 کەس. ئەمە لە کاتێکدا بەردەوام بۆچونێك و پێداگرییەك هەیە کە پێیوایە پێویستە حەشد هەڵبوەشێتەوە و بەسەر دەزگا ئەمنییەکانی دیکەدا دابەش بکرێت، بەوپێیەی لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی داعشدا ئیتر ئارودۆخی پێکهێنانی حەشدی شەعبیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. دەکرێت ئەم گەورەکردنی قەبارەیەش لەم کاتەدا، وەها بخوێنرێتەوە کە ئایندەی حەشدی شەعبی مسۆگەرتر دەکات و لە ئەگەری هەڵوەشاندنەوە یان دابەشکردن و تێکەڵکردن دوورتری دەخاتەوە، وەك چۆن پێشتر و لەساڵی 2016 بە یاسای ژمارە 40 ئەم هێزە ئەمنییە تێکەڵەیە کرایە دەزگایەکی دەستوری کە بە ڕواڵەت ملکەچی فەرمانی سەرۆکوەزیرانە.

قەبەکردنی قەبارەی حەشد لە کاتێکدایە کە هێشتا نەخشەی هێزی قۆناخی داهاتوو یەکلایی نەبووەتەوە، هیوا هەیە لەپاش هەڵبژاردنی 10ی تشرینی یەکەم دەموچاوی نوێ لە پارێزگاکانی سەر بەحکومەتی فیدراڵی بێنە پێش، بەپێی ئەم گەشبینیانە کە جێگەی گومان و گفتوگۆی زۆرن، دەرفەت هەیە لە پەنا حیزبە سیاسییە تەقلیدییەکانی شیعە، بەرەیەکی بەربڵاوی هێزە سوننەکان لەنێوان 70_ 80 کورسیدا، هەروەها ژمارەیەك کاندید و کەسایەتی سەربەخۆ و مەدەنی سەربکەون بۆ پەرلەمانی داهاتوو. بەر لەوەی ئەم ئەگەرە ببێتە راستی لایەنگرانی حەشد دەستپێشخەری خۆیان کرد و قەبارەی دامەزراوەکەی خۆیان قەبەترکرد چونکە، گەرەنتی ئەوەیان نییە بتوانن لە بودجەی 2022 یان لە کابینەی داهاتوودا هەنگاوی لەم شێوەیە بە ئاسانی تێپەڕێنن.

لایەنگرانی حەشدی شەعبی بەم گێڕانەوەیە جگە لە جێبەجێکردنی داواکارییەکەیان، کارتێکی بەهێزی بانگەشەی هەڵبژاردنیشیان دەسکەوت. بەوپێیەی هەریەك لەو 30 هەزار کەسە چەند دەنگدەرێکی پێوە پەیوەستە و سروشت و جۆری بڕیارەکەش بۆ سەرجەم شیعەکانی دۆست و جەماوەری حەشد گرنگە، ئەوەشی زۆر خۆی لەم دەسکەوتە دەکاتە خاوەن هاوپەیمانێتی فەتحی حەشدە لەگەڵ ئەو لیست و هاوپەیمانییانەی خۆیان لەبەرەی حەشد دەزانن لەچەشنی مالیکی، لەبەرامبەریشدا بۆ حکومەتەکەی کازمی ئەگەرچی لە سەپاندن و بڕیاری نا بەدڵ دەچێت، بەڵام دەکرێت وەك نیشانە و ئاماژەی نیازپاکی سەرۆکوەزیرانی ئێستاش بەرامبەر حەشد لێکبدرێتەوە و ببێتە باڵانس بۆی لەو کاتەی کێبڕکێ لەنێوان کاندیدانی سەرۆکوەزیریدا گەرم دەبێت.

دەسکەوتەکەی حەشدی شەعبی و گەیشتنی دامەزراوەکە بە نزیکەی 200 هەزار پلەی وەزیفی، هاوکاتیشە لەگەڵ پێشهاتێکی تری گرنگ کە هەوڵەکانی گێڕانەوەی یاسای بە سەربازیگرتنی زۆرەملێیە. ئەم یاسایە کە 18 ساڵە و لەپاش 2003 ڕاگیراوە، جارێکیتر لەلایەن کابینەی کازمییەوە وەك چارەسەر دەبینرێت بۆ پاراستنی هاوسەنگی بۆ سوپاو هێزە ئەمنییەکان کە ئێستا زیاتر مۆرکی مەزهەبی و

تایفی و شوناسی لاوەکییان بەسەریدا زاڵە. لەمەشدا سوننەکان و کوردەکان لەگەڵ کازمیدا هاوڕان بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە ریزەکانی سوپا و گرنگی پێدانی زیاتری ئەم دامەزراوەیە، بەڵام ئەمە هیچ بەدڵی شیعەکان نییە و زۆر لەگەڵیدا نین، لەلایەك لەبەر حەزی پاوانخوازی و یەکلاییکردنەوەی شوناسی شیعیانەی دەوڵەت، لە لاکەیتریش لەبەر ئەوەی ئەزمووونی 2014 و کەوتنی و موسڵ و سەلاحەدین و ئەنبار بەدەستی داعش و هەرەسی دەزگا ئەمنییەکان لەوکاتەدا دەریخست کە سوپای موچەی بێ عەقیدە ناتوانێت پارێزەر و شەڕکەرێکی باش و دڵنیاکەر بێت. شیعە عەقیدەییەکان لە پەیامە ناڕاستەوخۆکانیاندا سورن لەسەر ئەوەی بەبێ ئایین و ئاینزا عەقیدە بۆ سوپا دروست ناکرێت، بەڕای ئەوانیش چارەسەر و رزگارکەری ئەوان و عێراقیش تەنها حەشدی شەعبییە کە هێزێکی عەقیدەیی ملکەچ و وابەستەیە بە بەرژەوەندییە باڵاکانی شیعەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی نازناوی "پیرۆز" یشی پێدراوە و، پشت ئەستور بە فەتوایەکی مەرجەعیەتیش دامەزراوە.

گێڕانەوەی 30 هەزار چەکدار بۆ ریزەکانی حەشد لە ساڵێکی دارایی سك گوشیندا (2021) کە هیچ پلەیەکی دامەزراندن لە بودجەکەیدا نییە، جارێکیتر توانای کارتێکەرە بەهێزەکانی شیعە دەردەخات لە ئاراستەکردنی دەوڵەت، ئەگەرچی بڕیارەکەش بەڕووکەش کارگێڕی و داراییە، بەڵام زیاتر لە نیشانە و ئامانجێکی لە کاتێکی هەستیاردا پێکاوە و پێشکەوتنی ئەگەرەکانی هەڵبژاردنی داهاتووە کە دەشێت لەسەر ئاستی عێراق بەڕووی زیاتر لە ئەگەرێکدا کراوە بێت.